بەیانییەکی حەسیرەکە

عوسمان محێدین
(کەرکووک)

دەڕابەی دووکانەکان هێشتا هەڵنەدرابوونەوە، خونـاو بەسەر پەلک و قەدی سڵقەکانی قەراغ خاسە بەدەم گزنگەوە دەبریسکانەوە. عەباس هات لە بەردەم دەڕابەیەکی داخراوی تەنیشتەوە دانیشت، دووکانەکەی ئەحمەد چیمەنی لە مەنجەڵە ماستی مەڕ جمەی دەهات. عەباس، قەرەهەنجیر سووتاوە، (کەسێک وای وت)، وەکوو ئەوەی بەنزین بە سەر ئاگردا بکەیت و عەباس گڵپەی کرد، وتی: سەگباب وا مەڵێ. وتیان عەباس بۆ پێت ناخۆشە قەرەهەنجیر بسووتێت.

وتی: مـاڵ دەزگیرانەکەم لەوێیە، ئاخر دوایی دار هەنجیرەکانی دەسووتێن، من دەگریم، ئەوانیش دەمرن.

خاوەن دووکان هات و عەباسی دایە بەر شەق، دوور بکەوە هەی شێتووێت، کابرای دووکانداری شووشەواتەکە (وای پێ وت).

عەباسیش چووە ئەوبەر جادەی نزیک مزگەوت نایب بانگی دا، بەو شەبەقییە ئارەقی خواردبووەوە، وتی: هەی دایک حیز، دایکت هەموو ڕۆژێک لای ئەمنەکانی کەرامەیە. ئێستا وا دەوڵەمەند بوویت، شووشەکانیش لە بەر گەوادی تۆ حەز دەکەن شەق بەرن.

لەولاوە، پاسەکەی مام نووری هات، لە وێستگەی نەفەرەکان وەستا، سەرنشینە لادێییەکانی دەوروبەری شاری داگرت، ئەوجا چاوەڕێی گەڕانەوەی نەفەری دەکرد. جووتێک قازی سپی و چوار

مەنجەڵ و دوو سەبەتە تەماتە و بیبەر هێنرانە خوارەوە. بەو شەبەقییە، حەسیرەکە بۆنی کەبابی گرتبوو، دووکەڵەکەیشی بۆنی خۆش بوو. دوای شیشێک، کۆکا کۆلایەکم فڕکرد. دوو مەمکی نیمچە ڕووتم دیت. چاوەکانم تێر بوون، مام داوود کۆڵە باری دەگواستەوە و لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەچڕی. بەو بەیانییە، هۆڕن زۆر بوو، دەنگی باپە باپی کارژیلە و بزن بەر دەموچاو دەکەوت کە لە پشت پیکابەوە بۆ مەیدان بارکرابوون. سەبەتەی بەردەم سوکانی پایسکلەکان بەفر و نانی گەرم و ڕۆژنامە و شتی تریان هەڵگرتبوو.

ئەو تابلۆ شکاوە، چەند دڵۆپفێنە، گومەزی مزگەوتەکانی شار هەموو کۆتریان گرتبوو. لە ڕیزی ماستفرۆشەکانەوە ژنێکی عەرەب، ئوم حەسەن، ئیشی بوو، کوڕێکی ناشیرین و توخمە سەگی بەبەر سینگییەوە نابوو، دەیوت کوڕی کچەکەمە و لە باوکێکی کوردە. بۆیە ئەمە نیوەی کوردە و نیوەی عارەب. نازناوی (بەلاسم)مان لێ ناوە. دوای ئەوە کوڕە گەورەبوو، بوو بە چیڕۆکنووس، ئیتر قەڵەمەکەی بکوژی هاوتوخمی ئەوانە بوو کە توخنی دایکی کەوتبوون. هەر لەبەر ئەو دۆسێیەی دایکی مافی پەنابەریشی لە وڵاتێکی ئەورووپا وەرگرت.